

باران

بڵند باجەلان

# ئاوێتەبوونی
# شیعر و فەلسەفە

نیسانی

(1)

فەیلەسوفان تێڕوانینی جیاوازیان هەبووە بۆ شیعر، ئەو تێڕوانینە جیاوازانە دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازیی تێڕوانینەکان لە هەمبەر مانای شیعرییەوە. چەندین کەس بە بۆچونی جیاوازەوە لە (مانا)ی شیعریی دوواون. ئەو بۆچونە زۆر و دژ بە یەکانە، وایانکرد لەلایەن کەسانێکەوە بگوترێ: شیعر قسەی بەتاڵە.

(سۆکرات) دوژمنی گەورەی شیعر بوو، سەرچاوەی شیعری بۆ ئیلهام دەگەڕاندەوە و پێیوابوو شاعیر ناتوانێ شیعرەکانی لێکبداتەوە و ڕەخنەیان لێبگرێ . ( پلاتۆ)ش پشت لە مامۆستاکەی ناکات و شیعر بە شتێکی بێمانا لە قەڵەم دەدا و دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی شیعر بە تەنها خەریکی لاساییکردنەوەی وێنای شتەکان و وێنای حەقیقەتە ناتەواوەکانە،ئەو بە دیدێکی ئایدیالیزمییەوە مەودایەك دەداتە کات و شوێنی کۆمەڵ و گەردوون.

ڕەخنەگر پێوەرێکی نییە بۆ سەلماندنی ئەوەی کەرەستە مردووەکان مردوون و زیندووەکان زیندوون. ئەو نەبوونی پێوەرە ، هەمان ئەو شتەیە مانای شیعریی لەسەر بینا دەکرێ. (مانا) لە شیعردا بەردەوام ڕاستەوخۆ ئیش لەسەر خوڵقانی نەکراوە. هەوڵی شاعیر بۆ بونیاتنانی (مانا)ی تایبەت، لە چوارچێوەی هەمان ئەو فەزایەدایە کە شیعرەکانی تیادا نووسیونەتەوە. شاعیر بەر لە دەستکردن بە نووسین، بیری لە دروستکردنی(مانا) نەکردۆتەوە، ئەو مانایەی زۆر لە شاعیران و ڕەخنەگرانی کورد پێیانوایە، شیعر بریتییە لە دروستکردنی مانا (د. عەبدولخالق یەعقوبی وەها بۆچونێکی هەیە ).

(2)

ژیان ئەگەر بریتی بێت لە خودی شیعر , ئەوا زۆر کەرەت شیعر لە ژیان دەدوێ، ئێمە لە ژیاندا کە شیعرە لەبارەی ژیانەوە دەدوێین، مەرگی نێو شیعریش بریتییە لە جۆرێك لە ژیان و واتادارە (referent)، چونکە مەرگێکە لە باوەشی ژیاندا، ژیانێك کە شیعرە. ژیان چی بەسەردێت لە ئانی مردنی شیعردا ؟

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ (پلاتۆ)، ئەوا هیچ ڕوونادا، چونکە ئەو هێرش



سوکرات

**ژیان ئەگەر بریتی بێت لە خودی شیعر، ئەوا زۆر کەرەت شیعر لە ژیان دەدوێ , ئێمە لە ژیاندا کە شیعرە لەبارەی ژیانەوە دەدوێین، مەرگی نێو شیعریش بریتییە لە جۆرێك لە ژیان و واتادارە**

دەکاتە سەر شیعر و تەنها بە وێنەگرتن و لاساییکردنەوەی بێسەر و بەر ناوی دەبا، وەلێ ئێمە پێمانوایە زۆر شت ڕوودەدا لە ئانی نەمانی ئەو دەنگەدا (voice)، دەشکرێ پێمانوابێ هەموو شتێك قابیلی ڕوودانە، بەهۆی باوەڕمان بە یەکسانی نێوان شیعر و ژیان، بەو واتایەی ژیان هیچ نییە جگە لە پارچەیەك هۆنراوە. شیعری شاعیر گرنگە بە نیسبەتی ژیانی شاعیرەوە، با ژیانێکی جێماویش بێت، ئەمەش وەستانە لە بەرامبەر دیدی (پلاتۆ) کە شیعری بە بێبەها ناودەبرد و ڕۆیشتنە بەرەو ئاقاری ئەوانەی شیعرویستن.

هەربۆیە من پێموایە نەك فەلسەفە توانای ئەوەی نییە شکست بە شیعر بهێنێت، بەڵکو خودی فەلسەفە کەرەستەیە بۆ نوسرانی شیعرێکی جوان، جوانی کە جەوهەری ژیانە، ئەوا جەوهەری شیعرە، چونکە شیعر ژیانە و مەرگی نێو شیعریش بۆ خۆی ژیانێکی ترە بە تێبینیکردنی پێکهاتەی (structure)دەق. شیعر بەشێکە لە ڕۆح، فەلسەفەش پرسیار لەبارەی ڕۆحەوە دەکا، کەواتە پرسیاری فەلسەفە لە ڕۆح، پرسیارە لە شیعریش وەکو بەشێك لە ڕۆح، بۆیە دەکرێ لە ڕوانگە و گۆشەیەکی شیعری و بە هەناسەیەکی شیعرییەوە وەڵامی ئەو پرسیارە : (ڕۆح چییە؟) بدەمەوە و بڵێم: ڕۆح لە ئاست جەستەدا وەکو (خاوەن) دەردەکەوێ، یانی ئەوەی خاوەنی جەستەیە، ڕۆحە، ئەگەر ڕۆح هەیکەلێك بێت، ئەوا جەستە جلەکانی ئەو هەیکەلەیە، ساتی داکەندنی جلەکانیش، ساتی جیابوونەوەی ڕۆحە

**دەشێ ئەدیبیش خاوەنی فەلسەفەی خۆی بێت لە فەزا ئەدەبییەکەدا , ئەوەتا (کافکا ) وەکو نموونەیەك چاوی لێ دەکرێ . بە کورتی فەلسەفە تایبەت نییە بە فەیلەسوفان و هەموو ئەوانەشی فەلسەفەی خۆیانیان هەیە فەیلەسوف نین**


کافکا

له جەستە، وەلێ دیسانەوە دەپرسینەوە : ڕۆح كە جیادەبێتەوە دەچێت بۆكوێ ؟ هەمیشە جەستە ئینتیزاری ڕۆحەكەیەتی (دوای جیابوونەوە )، تەنانەت ئەگەر جەستە خاك و خۆڵیش بێت، ئەوەی مونتەزیرە، خۆڵە، خۆڵێك كە سەردەمانێك پێمان دەگوت (جەستە)، كەواتە ڕۆح هەرچی بێت، دۆستی ئەو خۆڵەیە كە ئێمە بە پێیەكانمان بەسەریدا گوزەر دەكەین، گومان دەكەم ڕۆح ڕۆحی خۆی ئەگەر بە خەیاڵیش بێت بنێرێتەوە بۆ لای جەستە، بۆ لای خۆڵ (دوای جیابوونەوە )، كەواتە : (ڕۆحی ڕۆح وا لەژێر پێی ئێمەدا ). دەبێت وریا بین هێواش هێواش ڕێگا بكەین، نەبادا (ڕۆحی ڕۆح) درز ببا. ئەگەر خێرا ڕۆیشتن بەسەر خۆڵدا گوزارشت بێت لە : خراپە، كەواتە دڵنیابووینەوە كە هەر بەڕاستی : (خراپە) خراپە. شیعریش هەوڵێكە بۆ كاڵكردنەوەی ئەو خراپەیە و گۆڕینی بۆ چاكە .

**(3)**

دەشێ فەیلەسوف ئەدیبیش بێت،( نیتشە و سارتەر و ڕۆسۆ و كامۆ) و هتد نموونەن بۆ ئەو ڕاستییە. شیعریەتی (نیتشە) بۆ (نیتشە) خۆی دەگەڕێتەوە. ئەوكاتەی فەیلەسوف بڕیار دەدا شیعر بنووسێ و ئەو بڕیارەش جێبەجێ دەكا , فەلسەفەكەی خۆی لە یاد ناكا، گواستنەوەی فەلسەفەكە بە ڕووتی بۆ نێو بازنەی شیعرەكە داواكراو نییە، خودی فەلسەفەكە پێویستی بەوە هەیە بەشیعریی بكرێ (بەشیعریكردنی فەلسەفە)، پێچەوانەكەشی دروستە (بەفەلسەفیكردنی شیعر).

دەشێ ئەدیبیش خاوەنی فەلسەفەی خۆی بێت لە فەزا ئەدەبییەكەدا، ئەوەتا (كافكا ) وەكو نموونەیەك چاوی لێ دەكرێ. بە كورتی فەلسەفە تایبەت نییە بە فەیلەسوفان و هەموو ئەوانەشی فەلسەفەی خۆیانیان هەیە فەیلەسوف نین. (درێدا) بەهۆی ئەو دەروازەیەی بەناوی (هۆسرل) و بناغەی هەندەسە نووسیویەتی، هاتە نێو گۆڕەپانەكەوە و پرسیارەكانی پاش (نیتشە) و (هایدگەر) و (سارتەر) و (هۆسرل)ی بە ئاگا هێنا. لە كتێبی (پۆزیشن)دا كە لە حەفتاكاندا بڵاوكرایەوە، (درێدا) هەوڵ بۆ دیار كردنی مەسەلەی ئەدەبی دەدا و پێیوایە تێكستەكانی (باتای ) (مەلارمێ) و (سۆلرێس) و (ئارتۆ)، توانای گۆڕینی دیدی ئێمەیان بۆ ئەدەب هەیە و داوامان لێدەكەن گومان لە ئەدەبی ئەوانە بكەین كە ئەدەب دەخەنە ژێر سایەی ئەدەبە جوانەكان و هونەر و فەلسەفە و ڕەوانبێژی و شیعرەوە، ئەو بابەتە ئەدەبییەشی ئیشی لەسەر كردووە، زیاتر لەبارەی فۆڕمالیستەكانی ڕووسەوە بووە. لە شانۆی (قەساوەت) و سنووری نواندن كە تایبەتە بە (ئارتۆ) و هەروەها لەبەرهەمێكیدا لەمەڕ (ژان ژینێ) و لە باسێكیدا لەبارەی ڕۆمانتیكی (فلیپ سۆڵدیز) و لە بەرهەمێكی تایبەت بە خوێندنەوەی شیعرگەرایی (پۆل سیلان)دا و لە (دۆبل سێن)ی تایبەت بە (مەلارمێ) و لە بەرهەمی تریشیدا، (درێدا ) كاری بۆ تێكشكاندنی ئەو سنوورە دەستكردەی نێوان ئەدەب و فەلسەفە كردووە. (هایدگەر) و (درێدا) بایەخیان بە ئەدەب داوە.

لای (درێدا) فەلسەفە هەمیشە خۆی لە دەوروبەری ئەدەبدا دەدۆزێتەوە و پێشتریش (هایدگەر) گەڕاوەتەوە بۆ (هۆڵدرلین) و (تراكل) و لەوێدا دیالۆگ لەتەك شاعیردا دەبێت شاعیرانە بێت .[1]

زۆرجار جیاكردنەوەی فەلسەفە لە ئەدەبیات ، ئازادی نووسین لە شاعیر دەسێنێتەوە، وەلێ (نووسەری ئازاد) ئەو نووسەرە نییە هەرشتێك بە خەیاڵیدا ڕەت دەبێت یەكسەر دەینووسێتەوە و نایخاتە بەر خوێندنەوە جیاوازەكان، لە وەها حاڵەتێكدا، شاعیر خۆی مەحكوم دەكا بە نووسینی شیعر.

شاعیر هەیە جۆرێك لە هەمەكیبوون لە شیعرەكانیدا تێبینی دەكرێ، بەوەی ڕێگر نییە لە دروستبوونی پرسیارە جۆراوجۆرەكان، زۆربەی پرسیارە فیكرییەكان ئازادن لە بەیانبوونیان، ئەوە سروشتی شیعرەكەیە پرسیارەكان و جۆری پرسیارەكان دیاری دەكا، شاعیر وەڵامی ئەو پرسیارانەشی لە شیعرەكانیدا ئاشكرا نەكردوون، نەك لەبەر ئەوەی وەڵامەكان لای شاعیر دەستناكەون بەڵكو شیعری ئەو شاعیرە ئەوەندەی وەزیفەی دروستكردنی پرسیارە، ئەوەندە وەزیفەكەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە نییە، ئەمەش بۆ خودی شاعیر دەگەڕێتەوە بەوەی گەرەكیەتی (ئارگۆس) ئاسا هەموو لاكانی بوون ببینێت [2].



لەو ئاستەدا شاعیر  زەق زەق پرسیارەکان نانووسێتەوە، بەڵکو لە پشت ڕستە و وشە و دەربڕینەکاندا مەڵاسیان دەدا و ئەوە خوێنەرە لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا بەر کۆمەڵێك پرسیار دەکەوێت کە نایانبینێ، (پرسیارە نەبینراوەکان) بوونیان هەیە کە پرسیارگەلێکن سەرەڕای نادیارییان، دەکرێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین و دەستیان بۆ درێژ بکەین و ئاڕاستەی خۆمان و شاعیر و هەمووانی بکەینەوە.

(4)

زۆر جار پشت بە میتافۆڕ(Metaphor)  دەبەسترێ. میتافۆڕ لە ئەدەبیات و فەلسەفەدا ڕۆڵی خۆی بینیوە و   جوانی  بەخشیوە بە هۆنراوە. (نیتشە) زۆر لە  ئایدیا فەلسەفییەکانی بە میتافۆڕ دەربڕیون، بەهۆی گوێنەدانی بە یاساکانی نووسین و ئازادی نووسینەوە. لای (ئەرەستۆ) میتافۆڕ واتای ناوونانی شتێك دەگەیەنێ بە ناوێکی تر. لە تیۆلۆژیای (خواناسی)دا ، میتافۆڕ گرنگی خۆی هەیە. هەندێ جار (نیتشە) هێندە نووسینەکانی ئاوێتەی میتافۆڕ دەکا، وا دەزانین ئەو تێکستەی لەبەر دەستمان دایە هۆنراوەیە. (نیتشە) و (هایدگەر) زمانی فەلسەفە و هۆنراوە بە یەك فۆڕم لە دەربڕین لە قەڵەم دەدەن.

لای (ئەدۆرنۆ) پاش ڕووداوی (ئۆشوێتز) شیعر نووسینی شیاو نییە، وەلێ یەکێك لە قوربانییانی ئەو ڕووداوە کە (سیلان)ە، شیعر دەنووسێ. (سیلان) پشتبەست بە ئازارە گەورەکانی کە لە (ئۆشوێتز)ەوە پێی گەیشتوون، خۆی و ئەوی تر کە ئێمە بە ئەوی تری بەئاوێنەبوو ناوزەدی دەکەین، ئاوێتە دەکا و خۆی لەتەك ئەوی تردا دەبینێت.

بە کورتی شیعر سنووری دەستکردی بۆ نییە، سنوورەکان سنوورداری ناکەن، ڕووداوەکان بە ڕووداوی (ئۆشوێتز)و هەر ڕووداوێکی ترەوە سنوورداری ناکەن،  میتافۆڕ سنوورداری ناکا،  فەلسەفەکان سنوورداری ناکەن، بەڵکو خودی فەلسەفە وێستگەیەکە بۆ نووسینی شیعرێکی جوانتر،  کەرەستەیەکە بۆ نووسینی شیعرێکی قووڵتر.

**پەراوێزەکان :**

(1) )(درێدا) باسی پەیوەندی (سیلان) بە میتافیزیکاوە ناکا و پێشوایە (ئارتۆ) دەرنەچووە لە لۆژیکی دیالیکتیکی (هیگل) و (مالارمێ)ش لەتەك میتافیزیك کاری کردووە .

(2)(ئارگۆس) پاڵەوانێکە لە ئەفسانەی یۆنانیدا خاوەنی سەد چاو بووە ، ئەو پاڵەوانە لە ژێر سایەی(هیرا) خوایەکی ژنی یۆنانیدابووە ، دوای ئەوەی (هێرمس) (ئاراگۆس)دەکوژێ ، (هیرا) چاوەکانی دەردەهێنێ و دەیانخاتە سەر کلکی تاوسێك . (د.موحەمەد کەمال) (ئارگۆس)ی وەکو میتافۆڕ بەکارهێناوە بۆ کەسێك دەیەوێ هەموو لاکانی بوون ببینێت .

**سەرچاوەکان :**


1- اشنایی با دکارت، پل استراترن، ترجمەی هومن اعرابی،  چاپ سوم... در امدی بر جامعە شناسی ادبیات : لوکاج، ادورنو، گلدمن، گرامشی، مترجم : محمد جعفر پوینده، نشر چشمە، تهران، 1380

2- رولان بارت، نقد و حقیقت، ت : شیرین دخت دقیقیان، نشر مرکز، تهران 1390

3- نوام چامسکی، زبان و ژهن، ت :کورش صفوی، انتشارات هرمی، تهران 1390

4- مدرنیتە و مدرنیسم.. مجموعە مقالاتی در سیاست، فرهنگ و نظریە های اجتماعی.. ترجمە و تدوین: حسین علی، تهران 1378

5- فردریش نیچە، سخنان فردریش نیچە، حکیمانە ادبیات فارسی و جهان...

http://jomalatziba.blogfa.com/cat-12.aspx


دواسەرنج : سوودم لە بەشێك لە لێکۆڵینەوەکانی خۆم وەرگرتووە بەتایبەتی لەم لینکە :

http://www.dengekan.info/dengekan/author/blindBajalan